**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ٨٠٦١ لە ٢٠١٦/٥/٢٥**

**لەژێر رۆشنیایی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و بەمەبەستی رێکخستنەوەو بەرزکردنەوەی کوالیتی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان ، رێنمایی تایبەت بە مامۆستایان و وانەبێژان لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دەردەکەین، کە لەهەمانکاتدا ئامانج تێیدا پاراستنی مافی ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆو پەیمانگە تایبەتەکانە و هاندانیانە بۆ رێکخستنەوەی کاتەکانیان بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە کوالیتی خوێندن و توێژینەوەی زانستی و جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی بنەماکانی دڵنیایی جۆری.**

## رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦

## رێنمایی تایبەت بە مامۆستایان و وانەبێژان لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان

**یەکەم: مامۆستایانی میلاك لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان:**

**١- هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر) یان (دکتۆرا)ی ئەکادیمی بێت.**

**٢- خولی رێگاکانی وانەووتنەوەی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دابێت.**

**٣- هەڵگری یەکێك لەنازناوە زانستییە کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان بێت (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) بێت، یان مەرجە کارپێکراوەکانی پێدانی نازناوی زانستی تێدابێت.**

**٤- میلاکی هیچ دامودەزگایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراقی فیدراڵ نەبێت و بۆ ئەو مەبەستە پێویستە بەڵێننامەیەکی یاسایی پڕ بکاتەوە وە لە یەکێك لە دادنووسەکانی هەرێم پەسەندکرابێت بەپێی سنووری جوگرافی کە بە هیچ شێوەیەك مووچەخۆر نییە لە هیچ دامودەزگا میرییەکانی هەرێم و عێراقی فیدراڵ.**

**٥- بە گرێبەستێکی ڕوون و یاسایی لە زانکۆ یان پەیمانگەکە دامەزرابێت و خۆی تەواو تەرخان کردبێت بۆ کارەکەی.**

**٦- لە هەمان پسپۆری خۆیدا وانە بڵێتەوە.**

**٧- بەشەوانە (نصاب) لە هەفتەیەکدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

| ژ | نازناوی زانستی | ماوەی وانەووتنەوە لە هەفتەیەکدا |
|---|---|---|
| ١ | مامۆستای یاریدەدەر | ١٤ کاتژمێر |
| ٢ | مامۆستا | ١٢ کاتژمێر |
| ٣ | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ١٠ کاتژمێر |
| ٤ | پرۆفیسۆر | ٨ کاتژمێر |

٨- مامۆستایانی میلاکی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دەکرێت سەروانە وەربگرن بەشێوەی وانەی زێدەکی (محاضرات اضافية) بە مەرجێك وەك لە خاڵی ژمارە (٦)ی بڕگەی دووەم هاتووە زیاتر نەبێت و کاریگەری لەسەر تواناو کوالیتی خوێندن و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی نەبێت.

٩- وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی کارگێری لەسەر ئاستی زانکۆ یان پەیمانگە بەم شێوەیەی خوارەوە لە بەشەوانە لە هەفتەیەکدا کەمدەبێتەوە بەپێی پلەی زانستی:

أ- پایەی سەرۆکی زانکۆ خۆتەرخانکراو (متفرغ) دەبێت بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروبارە کارگێری و دارایی و زانستییەکان.

ب- یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ و راگری کۆلیژ و پەیمانگەکان و ئەوانەی هاوتای ئەو پلانەن، نابێت لە چوار کاتژمێر زیاتر لە هەفتەیەکدا بەشەوانە بڵێنەوە.

ت- سەرۆك بەشی زانستی و یاریدەدەرانی ڕاگر نابێت لە شەش کاتژمێر زیاتر لە هەفتەیەکدا بەشەوانە بڵێنەوە.

ث- بریادەری بەشە زانستییەکان (٤) کاتژمێر لە بەشەوانەی کەم دەکرێتەوە.

١٠- پابەند دەبن بە جێبەجێکردنی گشت ڕێنمایی و مەرجەکانی دڵنیایی جۆری.

١١- بەرزکردنەوەی پلەی زانستی (الترقية العلمية) بۆ ئەنجام دەدرێت بەپێی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٩٩٠٩) لە (٢٠١٥/٥/٢٠).

١٢- ئەگەر لە داهاتوودا مامۆستایانی میلاکی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە هەر دامودەزگایەکی حکومی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دامەزرا، بەشێوەی وانەبێژ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وەك لە خاڵی ژمارە (٧)ی بڕگەی دووەم بەشەوانەی پێدەدرێت بە مەرجێك ئەگەر زانکۆ یان پەیمانگەکە بەشەوانەی پێدا، نازناوی زانستییەکەی لە هەمیشەییەوە دەگۆردرێت بۆ کاتی کە تایبەت دەبێت بەم زانکۆ یان پەیمانگەیەی کاری لێ دەکات بۆ ئەو ماوەیە.

١٣- ئەگەر لە داهاتوودا مامۆستایانی میلاکی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە هەر دامودەزگایەکی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دامەزرا بەشێوەی وانەبێژ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بە مەرجێك ئەگەر زانکۆ یان پەیمانگەکە گرێبەستی لەگەڵ ئەنجام بداتەوە و نازناوی زانستییەکەی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەلایەن شوێنی کارەکەی لێی دامەزراوە ڕێکاری پێویستی بۆ ئەنجام دەدرێت.

١٤- ئەگەر مامۆستایانی میلاکی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە وانەبێژی دابڕا بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ (نەك بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵاتر لە پسپۆری خۆی) ئەوا نازناوی زانستییەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

١٥- ئەو مامۆستایانەی بەشێوەی خواستن (اعارة) لە زانکۆ حکومییەکانەوە دەچنە زانکۆو پەیمانگە تایبەتەکان، هەمان ئەم خالانەی سەرەوەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت.

١٦- مامۆستایانی میلاك لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دەتوانن لە زانکۆ و پەیمانگەیەکی دیکەی تایبەت بەشێوەی وانەبێژ وانەبڵێنەوە بەمەرجێك نصابی یاسایی لە شوێنە بنەڕەتییەکەی کە لێی دامەزراوە تەواو بکات بە ڕەچاوکردنی خاڵی (٦) لە بڕگەی دووەم.

دووەم: مامۆستایانی وانەبێژ لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان کە میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین:

١- هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر) یان (دکتۆرا)ی ئەکادیمی بن.

٢- خولی ڕێگاکانی وانەووتنەوەی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دابێت.

٣- نازناوی زانستی هەبێت و هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر پێویستە کۆنمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت بۆ ئەوانەی دوای (٢٠١٢/١/٢٤) بڕوانامەکەیان بەدەستهێناوە یان دەستیان بەخوێندنی ماستەر کردووە. (ئەم مەرجە گشت مامۆستایانی میلاك و وانەبێژی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دەگرێتەوە).

٤- لە هەمان پسپۆری خۆیدا وانەبڵێتەوە.

٥- پێویستە لاری نەبوون لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندن نوێ بکرێتەوە.

٦- بەشەوانە (نصاب) لە هەفتەیەکدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | نازناوی زانستی | ماوەی وانەووتنەوە لە هەفتەیەکدا |
|---|---|---|
| ١ | مامۆستای یاریدەدەر | ٨ کاتژمێر |
| ٢ | مامۆستا | ١٠ کاتژمێر |
| ٣ | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ١٢ کاتژمێر |
| ٤ | پرۆفیسۆر | ١٤ کاتژمێر |

٧- لەکاتی پێویستدا مامۆستای وانەبێژ بۆی هەبێت پۆستی کارگێری وەربگرێت وە هەروەها بچێتە لیژنەکان بەڵام لە هەموو حاڵەتەکان تایبەتمەندی بۆ مامۆستایانی میلاك دەبێت.

٨- مامۆستایانی میلاك لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێم بە دامودەزگاکانییەوە، دەتوانن لە دوو زانکۆ یان پەیمانگەی تایبەت وەکو وانەبێژ وانە بڵێنەوە بە ڕەچاوکردنی خاڵی (٦) لە بڕگەی دووەم بۆ هەر زانکۆیەك یان پەیمانگەیەك دوای وەرگرتنی لاری نەبوون لە شوێنی کاری بنەڕەتی.

٩- نابێت سەرۆکایەتی یان ئەندامیەتی هیچ لیژنەیەکی بەدواداچوون یان هەڵسەنگاندن یان دڵنیایی جۆری و هەر کاروبارێکی زانستی بکات کە لەلایەنی وەزارەتەوە پێکدەهێندرێت لەو زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەی تێیدا وانەبێژە.

١٠- مامۆستایانی میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و دامودەزگاکانی کە مۆڵەتی درێژخایەنیان لەشوێنی کارەکانیان وەرگرتووە بە مەرجێك مۆڵەتەکە لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت و ئەم مۆڵەتە فەرمانی وەزاری و کارگێری پێدەرچوویێت، وە لەکاتی هەڵوەشانەوەی مۆڵەتەکە فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوونی وەزارەتمانی لێ ئاگاداربکرێتەوە. دەتوانن بەشێوەی میلاك وانەبڵێنەوە وە هەروەها بۆیان هەیە پۆست وەربگرن. وە دەواندرێت بە ڕەزامەندی شوێنی کاری بنەڕەتییەکەی مۆڵەتەکەی دووبارە بێتەوە لە هەرجارێکدا بەپێی ڕێوشوێنە یاساییەکان بۆ پێدانی مۆڵەت.

١١- ئەو مامۆستایانەی میلاکی زانکۆ حکومییەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقن هەمان ئەم خاڵانەی سەرەوە لەسەریان جێبەجێ دەکرێت جگەلە برگەی (٨) کە تەنها بۆیان هەیە لە یەك زانکۆ یان پەیمانگە وەکو وانەبێژ بلێنەوە بە ڕەچاوکردنی خاڵی (٦) لە بڕگەی دووەم.

**سێیەم:** مامۆستایانی وانەبێژ لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان کە میلاکی دامودەزگاکانی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین دەبێت:

١- هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر) یان (دکتۆرا)ی ئەکادیمی بێت.

٢- خولی ڕێگاکانی وانەووتنەوەی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دابێت.

٣- نازناوی زانستی هەبێت و هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر پێویستە کۆنمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت بۆ ئەوانەی دوای (٢٠١٢/١/٢٤) بڕوانامەکەیان بەدەستهێناوە یان دەستیان بەخوێندنی ماستەر کردووە. (ئەم مەرجە گشت مامۆستایانی میلاك و وانەبێژی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دەگرێتەوە).

٤- لە هەمان پسپۆری خۆیدا وانەبڵێتەوە.

٥- وەکو وانەبێژ دەتوانێت وانەبڵێتەوە دوای وەرگرتنی لاری نەبوونی وەزارەت یان فەرمانگەکەی خۆی.

٦- وانەبێژانی سەر بە دامودەزگاکانی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تەنها دەتوانن لە یەك زانکۆ یان پەیمانگەی تایبەت وەکو وانەبێژ وانە بلێنەوە.

٧- بەپێی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٩٩٠٩) لە (٢٠١٥/٥/٢٠) پێویستە نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر یان مامۆستا) بەشێوەی کاتی پێبدرێت بە گوێرەی بڕوانامە و ماوەی گرێبەستەکەی لە زانکۆ یان پەیمانگە تایبەتەکەی تیایدا کاردەکات.

٨- کاتژمێرەکانی وانەووتنەوەی لە هەفتەیەکدا واتە بەشەوانەی ( نصاب ) بەپێی خاڵی (٦) لەبڕگەی دووەم دەبێت.

٩- بەرزکردنەوەی پلەی زانستی (الترقية العلمية) بۆ ئەنجام دەدرێت بەشێوەیەکی کاتی تایبەت بەو زانکۆ و پەیمانگە تایبەتانەی کە گرێبەستی وانەوتنەویان لەگەڵ ئەنجام دەدەن بەپێ ی ئەو بەشە وانانەی کە لەبرگەی (٦) لە ماددەی دووەم ئاماژەی پێکراوە، لە کاتی کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەی یاخود بەجێهێشتی وانەبێژیەکەی نازناوە بەرزکراوەکە وە نازناوە کاتییەکەی کە لەکاتی خۆی پێیدراوە لێ وەردەگیرێتەوە.

١٠- پابەند دەبن بە جێبەجێکردنی گشت ڕێنمایی و مەرجەکانی دڵنیایی جۆری.

١١- نابێت سەرۆکایەتی یان ئەندامیەتی هیچ لیژنەیەکی بەدواداچوون یان هەڵسەنگاندن یان لێکۆڵینەوە بکات کە پێکدەهێندرێت بۆ ئەو زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەی کە تێیدا وانەبێژە.

١٢- جگە لە بەشەوانەی بۆی دیاری کراوە ، نابێت بەشێوەی وانەی زێدەکی ( محاضرات اضافية ) وانەبڵێتەوە.

١٣- فەرمانبەرانی هەڵگری بڕوانامەی باڵای دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە مۆڵەتی درێژخایەنیان لەشوێنی کارەکانیان وەرگرتووە بە مەرجێك مۆڵەتەکە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت و ئەم مۆڵەتە فەرمانی وەزاری و کارگێری پێدەرچوویێت وە وێنەیەك لەم فەرمانانە درابێت بە وەزارەتمان ، وە لەکاتی هەڵوەشانەوەی مۆڵەتە وەزارەتمان لێی ئاگاداربکرێتەوە. دەتوانن بەشێوەی میلاکی کاتی وانەبڵێنەوە بەڵام بەشەوانەی مامۆستایانی میلاکی هەمیشەییان پێدەدرێت.

١٤- ئەو مامۆستایانەی میلاکی دامودەزگاکانی حکومەتی ناوەندی عێراقی فیدراڵن هەمان ئەم خاڵانەی سەرەوە دەیانگرێتەوە جگەلە لە خاڵی (١٣) کە تەنها بۆیان هەیە وەکو وانەبێژ وانەبڵێنەوە بە ڕەچاوکردنی خاڵی (٦) لە بڕگەی دووەم.

**چوارەم: مامۆستایانی وانەبێژ لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان کە میلاکی هیچ دامودەزگایەکی حکومی نین و لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن:**

مامۆستای وانەبێژ لەکاتی زۆر پێویستدا کاری وانەووتنەوەی پێ دەسپێردرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر) یان (دکتۆرا)ی ئەکادیمی بێت.

٢- خولی ڕێگاکانی وانەووتنەوەی بە سەرکەوتووی ئەنجام دابێت.

٣- لە هەمان پسپۆری خۆیدا وانەبڵێتەوە.

٤- نازناوی زانستی کاتی پێدەدرێت بەگوێرەی گرێبەستەکەی لە زانکۆ یان پەیمانگەیەکی تایبەت.

٥- هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر پێویستە کۆنمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت بۆ ئەوانەی دوای (٢٠١٢/١/٢٤) بڕوانامەکەیان بەدەستهێناوە یان دەستیان بەخوێندنی ماستەر کردووە. (ئەم مەرجە گشت مامۆستایانی میلاك و وانەبێژی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دەگرێتەوە).

٦- لەکاتی دابڕاندنی لە وانەووتنەوە نازناوە زانستییەکەی بە فەرمی هەڵدەوەشێتەوە.

٧- لەکاتی دامەزراندنی لە زانکۆیەك یان پەیمانگەیەکی تایبەت، نازناوی زانستییەکەی بۆ ئەژمار دەکرێت و گشت خاڵەکانی بڕگەی یەکەم کە تایبەتە بە مامۆستایانی میلاك لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دەیگرێتەوە

٨- لەکاتی دامەزراندنی لە زانکۆیەك یان پەیمانگەیەکی حکومی ئەوا لە شوێنی کارەکەی ڕێکاری پێویست بۆ پێدانی نازناوی زانستی هەمیشەیی بۆ ئەنجام دەدات.

٩- لە کاتی دامەزراندنی لە هەر دامودەزگایەکی حکومی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم یان عێراقی فیدراڵ، نازناوی زانستییەکەی هەر بەکاتی بۆ ئەژمار دەکرێت و گشت خاڵەکانی بڕگەی سێیەم کە تایبەتە بە مامۆستایانی وانەبێژ کە میلاکی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەیگرێتەوە.

١٠- کاتژمێرەکانی وانەووتنەوەی لە هەفتەیەکدا واتە بەشەوانەی (نصاب) بەپێی خاڵی (٦) لە بڕگەی دووەم دەبێت.

١١- بەهیچ شێوەیەك نابێت بەرپرسیاریەتی کارگێری و زانستی وەربگرێت.

١٢- تەنها لە یەك زانكۆ یان پەیمانگەی تایبەت دەتوانێت وانەبڵێتەوە وەكو وانەبێژ.
١٣- پابەند دەبن بە جێبەجێكردنی گشت ڕێنمایی و مەرجەكانی دڵنیایی جۆری.

**پێنجەم:** ئەو مامۆستایانەی خانەنشینی زانكۆ و دامودەزگا حكومییەكانن:

١- ئەو مامۆستایانەی كە خانەنشینی حكومین و تەمەنیان لە (٧٣) ساڵ زیاتر نییە، دەتواندرێت وەكو مامۆستای میلاك یان وانەبێژ لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان كاربكات و بەپێی جۆری گرێبەستەكەی، خاڵەكانی بڕگەكانی سەرەوەی كە پەیوەندیدارە لەسەریان جێبەجێ دەكرێت.

٢- ئەو مامۆستایانەی كە خانەنشینی حكومین و تەمەنیان لە نێوان (٧٣ بۆ ٧٥) ساڵیدایە، دەتواندرێت تەنها وەكو مامۆستای وانەبێژ لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان كار بكەن و بەپێی جۆری گرێبەستەكەی خاڵەكانی بڕگەكانی سەرەوەی كە پەیوەندیدارە لەسەریان جێبەجێ دەكرێت.

٣- ئەو مامۆستایانەی كە خانەنشینی حكومین و تەمەنیان لە (٧٥) ساڵ زیاترە تەنها دەتوانن وەك شارەزا و سەرپەرشتیاری زانستی و سەرپەرشتی كردنی توێژینەوەی زانستی خوێندنی باڵا لە زانكۆو پەیمانگە تایبەتەكان ئەنجام بدەن و بە هیچ شێوەیەك نابێت ببنە ئەندامی دەستەی وانەبێژی یان پۆستی كارگێری بەڕێوە ببەن.

٤- لەهەر سێ خاڵی سەرەوەدا لیژنەكانی كاروباری زانستی و دڵنیایی جۆری و دامەزراندن بەرپرسیارن لە دڵنیابوونەوەی توانای جەستەیی مامۆستایان لە گشت لایەنەكانەوە بۆ ئەو مەبەستە پێویستە بە ڕاپۆرتی پزیشكی لیژنە تایبەتەكانی پارێزگاكان پشتگیری توانای لێهاتووییان بۆ ئەنجام بدرێت.

**شەشەم:** ڕێژەی قوتابی/ خوێندكار بۆ هەر مامۆستایەكی ئەندامی دەستەی وانەبێژان لە بەشە زانستیەكان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | جۆری گرێبەست | مامۆستای یاریدەدەر و مامۆستا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر |
|---|---|---|---|
| ١ | میلاک | ٢٠ قوتابی/خوێندکار | ٢٥ قوتابی/خوێندکار |
| ٢ | وانەبێژ | ١٢ قوتابی/خوێندکار | ١٦ قوتابی/خوێندکار |
| ٣ | ئەو بەڕێزانەی کە لە تاقیگەکان وەکو (معید) کاردەکەن هیچ ڕێژەیەکی قوتابی/خوێندکاریان بۆ دانانرێت لەبەرئەوەی لەوانەیە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن یان مەرج نییە نازناوی زانستییان هەبێت. | | |

**حەوتەم:** ڕێژەی قوتابی/ خوێندكار بۆ هەر مامۆستایەكی ئەندامی دەستەی وانەبێژان لە بەشە زانستە مرۆڤایەتییەكان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | جۆری گرێبەست | مامۆستای یاریدەدەر و مامۆستا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر |
|---|---|---|---|
| ١ | میلاک | ٢٥ قوتابی/خوێندکار | ٣٠ قوتابی/خوێندکار |
| ٢ | وانەبێژ | ١٥ قوتابی/خوێندکار | ٢٠ قوتابی/خوێندکار |

**هەشتەم:** ئەم ڕێنماییە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێكردنەوە.

**د. یـوسـف گـۆران**
**وەزیری خوێندنی بـاڵا و توێژینەوەی زانستی**